# ئامۆژگاری لاوان
# بۆ سەر ڕێگای ڕاست و ڕەوان

**پێشڕەو محمد**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل لـه ، ومن يضلل فلا ه ادي لـه ، وأشهد أن لا إلـه إلا الله وحده لا شريك لـه ، و أشهد أن محمدا عبده ورسولـه .. أما بعد :**

**ئەی لاوی خۆشەویست** : ئەم چەند دێڕەی کەلەبەردەستدایە دیارییەکی بچوك وخنجیلانەیە بەمەستی هەڵگرتنی تێشوو بۆڕێگەی دوورو درێژی قیامەت کەتەنها لەڕێگەی (ئامۆژگارییەوە) دەتوانین وردە وردە تیشوومان زیادبکەین بەمەستی گەیشتن بەبەهەشتی پان وبەرین ئامۆژگارییەکانیش ئەمانەن :

١. ئەی لاوی خۆشەویست : ئەگەر توانای هاوسەر پێکەوە نانت هەیە کەمتەرخەمی مەکە بە هیچ شێوەیەك تەنانەت ئەگەر تەمەنیشت بچوك بێت .

٢. هاوڕێی ئازیزم : ئەگەر توانای هاوسەر پێکەوە نانیشت نی یە ئەوە ڕۆژوو بگرە....

وە سەرنجتان ڕائەکێشم کەلە کاتی ڕۆژوودا زۆر نەنوون چونکە مەبەست لە ڕۆژوو لە خوا ترسانە نەك نوستن. وە دەرگاکانی ڕۆژوو بۆ ڕۆژووان والأیە وەکوڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە وە هەروەها ١٥/١٤/١٣ لە هەموو مانگێکی کۆچی ( الايام البيض ) .

٣. برای ئیماندار خوشکی بەڕێز : نزیك بوونەوە و تێکەلأو بوونی هاوڕێی چاکە خواز و لەخوا ترس هۆکارێکە بۆ بەرگری و سەرکەوتن بەسەر ئارەزو و شەیتان دا ، وریا بە و بە ئاگابە لە هاوڕێیەتی کەسی بەدکارو خراپەکار چونکە دەبنە مایەی هەڵدێر لە دونیا و قیامەتدا .

خوای پەروەردگاریش دەفەرموویت : ﴿ وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ٢٨ ﴾ الكهف: ٢٨

**واتە** : خۆت ڕاگرە لەگەڵ ئەوانەی لەپەروەردگاریان دەپاڕێنەوە (ودەیپەرستن) بەیانیان و ئێواران کە مەبەستیان ڕەزامەندی خوایە چاوەکانت لەوان لامەدە و وەرمەگێڕە (بۆکەسانی بێ باوەڕی دەوڵەمەند) کە جوانی و ڕازاوەیی ژیانی ئەم دنیای دەوێت و بەگوێی کەسێك مەکە کە دڵیمان لەیادی خۆمان بێ ئاگا کردوە و شوێنی هەواو ئارەزووی خۆی کەوتووە هەموو کارەکانی خراپ و لە سنوور دەرچووە.

بەلاّم بەڕێزان هاوڕێیەتی کەسی خراپەکار وەلاّمدانەوەی بانگەشەی ئارەزووبازانە ﴿ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾ ﴾ النساء: ٢٧

واتە : وە ئەوانەی کە شوێن ئارەزوو کەوتوون ئەیانەوێ لاتان بدەن بەلادانێکی گەورە.

٤. پارێزگاری و بەردەوام بوون لەسەر نوێژەکان لە کات و ساتی خۆیدا وە بە هاومەرجی بوون لەگەڵ (( خشوع و تەواوکاری پایەکان و سوننەتەکانی دەست نوێژو پاکی نیەت ))....

بۆ ئەوەی خوای بالاّ دەست لێمان قەبوڵ بکات.... ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ ﴾ العنكبوت: ٤٥ . واتە : وە نوێژ بکە بێگومان نوێژ بەرگری دەکات لە کاری ناشرین و نا پەسەند (خراپە).

٥. بەردەوام بوون لەسەر یادی خوای گەورە ... چونکە مرۆڤ بە یادی خوای گەورە بەهێز دەبێت وە هەرکاتێك لە یادی خوا دوور بویەوە تووشی لاوازی دەبێت و شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێت . لە پاشان شەیتان هانی چی دەدات؟ تۆ بڵێی هانی نوێژو زەکاتی بدات.؟!! یان هانی شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو تاوان ... ﴿ وَمَن يَعۡشُ عَن ذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ نُقَيِّضۡ لَهُۥ شَيۡطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٞ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمۡ لَيَصُدُّونَهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ الزخرف: ٣٦ – ٣٧

واتە: هەر کەس پشت لە یادی خوا هەڵکات شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەن کە هەمیشە لەگەڵی بێ و لێی جیا نەبێتەوە ، وە بێگومان ئەوانە (شەیتانەکان) لە ڕێگای ڕاست بەرگریان دەکەن واش دەزانن بە بێگومان هەر ئەوانن ڕێنووین.

٦.نزاو پاڕانەوە باشترین چەکە بۆ پارێزگاری لە مرۆڤ ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾ غافر: ٦٠

واتە: وە پەروەردگارتان فەرموویەتی: لێم بپاڕێنەوە وەلاّمتان دەدەمەوە..

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة: ١٨٦

واتە : هەردەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ئەوە بێگومان من لێیانەوە نزیکم گیرا دەکەم نزای نزاکاران هەرکاتێك هاوارو نزام لێ بکەن دەی با ئەوانیش بەدەنگ منەوە بێن وەبڕوام پێ بهێنن بەڵکو ڕێی ڕاست بدۆزنەوە .

٧. ڕاوەستان وتێڕامان لەبەردەم چیرۆك و بەسەرهاتی پێغەمبەر یوسف - عليه السلام - بێ گومان پێغەمبەر یوسف - عليه السلام — مامۆستاو پێشەوایە بۆ ئێمە وەنموونەی خۆڕاگری بووە سەرەڕای ئەو هەموو ئارەزوو بازیەی کەلەدەوری ئەسوڕانەوە خۆی ڕاگرت و بەرگری کرد وە بوو بە مۆمی ڕووناکی بۆ دوای خۆی ...

**ئەی لاوی خۆشەویست** : پێغەمبەر یوسف - علیه السلام – خۆی لەبەردەم چڵە پۆپەی شەهوەت بازی دەرباز کرد و کەئەمەش هیوا بەخش و پاڵنەرە کە ئەی لاو بێ هیوا مەبە و بەرچاو ڕوون بە پشت بە خوای خۆت ببەستە وەتەنها هیوات خوا بێت بۆ دەربازبوون لە گێژاوی شەهوەت و ئارەزوو بازی .

﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ یوسف: ٨٧ واتە : بەڕاستی نائومێد نابێ لە رەحم و میهرەبانی خوا جگە لەوانەی کە بێ بڕوان .

٨. وریا بەو ئاگادار بە لە دڵسۆزیت بۆ خوا بەڕاستی دڵسۆزیت بۆ خوا بەتەنها هێزە بەڵام چی هێزێکە ؟!... وە خاوەنەکانیان دەبنە خاوەنی هێزو مەچەکی پۆڵایین... بەڕاستی ئەوانە سەرکەوتوون لەم جەنگەدا دژ بە دوژمن ! دوژمنی سەرسەخت (( شەیتان )) وەکو خوای پەروەردگار بۆمان دەگێڕێتەوە لەسەر زمانی شەیتان ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ ص: ٨٢ – ٨٣ . واتە : سوێند بە عیزەتت هەر هەموویان گومڕا دەکەم ، ئەوانەیان نەبێ کە بەندەی پاك و هەڵبژاردەی تۆن.

وەیەکەمین سەنگەر دابەستنیش لەم جەنگەدا توندو تۆڵ کردنی سەنگەری (( نیەت و دڵسۆزی)) یە.

٩. چاو داپۆشین و نەزەر نەکردن...بەرامبەر بە ئافرەت... زۆر ووریا و ئاگاداربە لەکەوتنە داوی نەزەر کردن و تێڕوانین بۆ ئافرەتی سەرو لاق ڕووت تەنانەت داپۆشراویش بەڵێ زۆر جار لاوی خۆشەویست توشی ئەم دەردە کوشندە دەبێت هەنگاو بە هەنگاو تا دواجار تووشی تاوانی گەورە دەبێت وەکو پێشینانی ئەم ئوممەتە فەرموویانە (( تاوانەکان برینن... هەندێك برینیش دەبێتە هۆی کوشتنی خاوەنەکەی )) .

موسڵمانانی خۆشەویست ئەم تاوانە بە بچوك و کەم مەزانن چونکە نەزەر کردن دەرگای دڵت دەشکێنێ و شەیتانیش بە ئارەزووی خۆی هاتوچۆی تێدا دەکات وە تۆی بریندارێش بەنیازیت ڕزگارت بێت لەکاتێکدا کە خۆت تووشی ئەم تاوانە کردووە.

ئەی لاوی خۆشەویست : ئاگادارو وریا بە لەو گۆڤارانەی کە وێنەی ئافرەتی ڕووتی تێدایەو رەواجی هەیە... وەخۆت بپارێزە لەو بازاڕو دوکانانەی کە ئافرەتی ڕووتی تێدا بەربلاوە.... وەزۆر ئاگاداربە لەبەکارهێنانی تەلەفزیون و سەتەلایت و...بۆ مەبەستی خراپ .

وەئەگەر ئافرەتێکت لە پڕ بەرچاوکەوت ووتەی پێشەواکەت ( صلی الله علیه وسلم ) بێتەوە یاد کەفەرموویەتی ((اصرف بصرك ))... واتە : زوو چاوت وەرچەرخێنە .

١٠. بایەخ دان و گرنگی بەزانستی شەرعی .... بەڵێ زانستی شەرعی ڕێگەی بەهەشتە وە لە زانستی شەرعیەوە فێری خۆپارێزی دەبێت لەتاوان و هەنگاوەکانی وە چۆنیەتی خۆ دەربازکردن لە زۆنگاوی ئارەزووبازی و گێژاوی هەڵەو تاوان، خوای پەروەردگاریش دەربارەی پێغەمبەر

یوسف – علیه السلام – فەرموویەتی ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾ یوسف: ٢٤ هەندێك لە زانایانی تەفسیر دەربارەی ( برهان ربه ) فەرموویانە ( زانستی شەرعی)یە.

١١. دوور بگرە و خۆت بپارێزە لەهەر خەیاڵێك كە پاڵت پێوە دەنێت بۆ ووروژاندنی ئارەزووت وەكو ابن القیم دەفەرمووێت (( بەرەنگاری خەیاڵی خراپ بكە ئەگەرنا دەبێتە ڕاو بۆچوون ئەگەرنا دەبێتە ئارەزوو پاشان دەبێتە هێزێك كەلەناخدا خۆی دەچەسپێنێ پاشان دەبێتە كردەوە كە ڕزگار بوون و خۆ دەربازكردن لێ ی زۆر ئەستەم و نارەحەت دەبێت )).

وەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ﴾ الإسراء: ٣٢ خوای گەورە ئاگادارمان دەكاتەوە كەتەنانەت نزیك داوێن پیسیش نەكەوینەوە وە نەبەخەیاڵ و نە بە تێڕوانین نەبیستن نەبە دەست نەهەنگاوی بۆ هەلگرین.

١٢. بایەخ دان بە ویردەكانی بەیانیان و ئێواران وە هەر ویردێكی تر كە دەبێتە مەشخەڵی ڕێگاو نزیك بونەوە لە خوای گەورەو پاراو بوونی زمان و شادبوون بە دیداری رسول الله (صلی الله علیه وسلم).

١٣. بایەخ دان بە پەروەردەكردنی جەستە و دەروونت و پتەو كردنی هێزە شاراوەكانی نێو ناخت لە ڕێگە هەمەجۆرەكانی وەكو وەرزش و بەشداری كۆڕە زانیاریە ڕەنگاو ڕەنگەكانی ژیانی ڕۆژانەی دونیای زانست و ڕۆشنبیری .. چونكە بە راستی ئەگەر هێزی ناخت لەكاری چاكەدا بەكاری نەهێنی ئەوە بە پێچەوانەوە دەرئەنجام لە كاری خراپەدا چەكەرە دەكات .

١٤. گەشەكردنی هەندێك خوی چاك و بەسوود...وەكو خوێندنەوە وە شیعر نووسین وە بەرچاو ڕۆشن كردنەوەی لایەنی فیكری ... كە مرۆڤ زۆر جار ئەتوانێ سودیان لێ وەرگرێ .

١٥. باكاتەكانی نووستنت لەشەودا لەكاتی دیاریكراودا بێت وە پێش ئەوە كە بنوویت نوێژی وتر بكەو پاشان لەسەر جێگەكەت ڕاكشێ و با زمانت بەیادی خوا تەڕ بێت تاوەكو دەنوویت چونكە تۆ نازانی كە سبەینێ زیندوو دەبیتەوە ، یان ئەمە دواجارە كە پێڵوی چاوەكانت پێكەوە دەنێ و دەگەڕێیتەوە بۆلای خوای باڵا دەست.

١٦. بایەخ و گرنگی دان بەكاتەكانی ژیانت... مەهێڵە ئەگەر چركەساتێكیش بێت لە ژیاندا بە خۆڕایی بەسەرت تێنەپەڕێت چونكە بزانە ئەگەر سوود لەكاتەكانی ژیانت وەرنەگری لە پەرستندا ئەوە بێ گومان ساتەكانی ژیانت سەرقاڵت دەكەن بەتاوان و ئارەزووبازیەوە .

١٧. باوەڕت بەهێز بكە چونكە باوەڕ و ئیمان داینەمۆی جوڵەی ڕۆژانەتە... وە باوەڕیش زیادو كەم دەكات بەڵام هەركاتێك دوژمن بزانێ كە لاوەكانمان باوەڕیان ڕوو لەكزیە ئەوە لەبۆ سەدان بۆ كەوتنە داوی لاوەكانمان .

**بەڵێ ئەی لاوی خۆشەویست** : زۆرجار تۆی خۆشەویست هەست ناکەیت کە باوەڕت کزبووە دوژمنیش زۆر بە ئاسانی زەفەرت پێ دەبات ، وەزیادبوونی باوەڕیش پارێزەری دەروون و جەستەتە لە تاوان و خراپەکاری وەباوەڕیش بە چەندەها ڕێگە ڕوو لەزیادبوون دەکات وەکو : (( خوێندنەوەی قورئان – شەونوێژ –ئامادەبوونی کۆڕی زیکرو یادی خوا – پاراو بوونی زمان بە یادی خوا ....)) لەگەڵ وورییایی و بەئاگابوون لەتاوان و کاریگەریەکانی.

١٨. خۆ پاراستن و دوورکەوتنەوە لەکارو نیشانەکانی دووڕووەکان وەهاوڕێیەتی نەکردنی کەسی دوو ڕوو خراپەکار وەبایەخ دان بە ساغ و سەلامەتی دڵ و دەروونت وە پاکردنەوەی لە ژەنگی تاوان و ئارەزوو بازی .

١٩. زانینی سزای خوای پەروەردگار بۆ داوێن پیسان وەئەوەی کەلەسەر ڕێگەی ئەوانن... کەلەناو گۆڕەکانیاندا سزا دەچێژن وەهەروەهاش لە ڕۆژی دواییدا وەهەندێك جار هەر لەم دونیا پاداشتی ئەم کردەوە بۆگەنەیان وەردەگرن مەگەر تەنها ئەوانەیان نەبێت کە تنۆکە فرمێسکی پەشیمانی بەچاویاندا دێتە خوارەوە بە ڕاستی گەڕاونەتەوە بۆلای خوای گەورە .

٢٠. هەست کردن بەچاودێری خوای گەورە ... خوای پەروەردگار چاودێرە بەسەرتەوە ... وە هەست کردن بەم چاودێریەیە ئیماندار دەپارێزێت لە تاوان و هەڵە وەئەم دەقە قورئانیە بکە بە ڕووناکی ڕێگات ﴿أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ١٤﴾ العلق .واتە: ئایا نەی زانیوە کە خوا دەیبینێ.

وە هەست کردن نە چاودێری خوا ، ئیماندار دەگەیەنێتە پلەی چاکەخوازان .

٢١. پەنا و پشت بەستن بەخوا بەشێوەیەکی بەردەوام ... ئایا گوێت لە نزاو پاڕانەوەی بەندەی ڕاستگۆ نەبووە کەلەگەرمەو ناوەڕاستی جەنگی دەروون دژ بە ئارەزو و شەیتان هاواری کرد ﴿مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣﴾ یوسف . واتە : پەنا دەگرم بە خوا ..بە ڕاستی ئەو پەروەردگاری منە ..ڕێزی لێ گرتووم .. بەڕاستی ستەمکاران ڕزگار نابن.

٢٢- ئارام گرتن و خۆڕاگریی لەسەر تاقی کردنەوە و نەهامەتیەکانی ئارەزوو وەپاك و خاوێن ڕاگرتنی دڵ و دەروون وەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : ( ومن يستعفف يعفه الله) واتە: هەرکەسێك داوای پاك و خاوێنی بکات خوای گەورەش ئەو خەڵاتەی پێ دەبەخشێت .

وە بەئارام گرتن ئیماندار پاداشتی گەورەی دەست دەکەوێت ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾ الزمر: ١٠ . واتە: بە ڕاستی دان بە خۆدا گران بێ ژمار پاداشتیان ئەدرێتەوە . دەروون زیاتر پاك و خاوێن تر دەبێتەوە تاوەکو زیاتر ئارام بگرێت لەسەر بەڵاو نەهامەتیەکان وەلەهەر تاقی کردنەوەیەك ئیماندار سەرکەوێت ئەوە زیاتر پلەی لای خوا بەرزتر و بڵند تر

دەبێت... ﴿ ليميزالله الخبيث من الطيب ﴾ ، واتە: بۆ ئەوەی خوا دەستەی ناپاك لە دەستەی پاك جیا بکاتەوە.

وە بە ئارام گرتن باوەڕدار دەگاتە بەرزترین چڵە پۆپەی ڕێزو خۆشەویستی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَيِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُواْ وَكَانُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ السجدة: ٢٤

واتە: وە لە ناو ئەواندا پێشەوایانێکمان دانا ڕێنموونیی خەڵکیان دەکرد بە فەرمانی ئێمە کاتێ خۆیان گرت و بە ئایەتەکانی ئێمە دڵنیا بوون.

دڵنیا بە تاوەکو زیاتر نزیك بیتەوە لەتاوان و ئارەزوو بازی زیاتر ئاگری دڵتەنگی و بێزاری ڕووت تێ دەکەن... لاوی ئەمڕۆ دەناڵێنێ لەژێر باری قورسی تاوانەکان ... چونکە دڵنیابە تاوان جگە لەتاڵی و بێزاری و پەشیمانی هیچی تر لەدوای خۆی ناکاتە دیاری بۆ خاوەنەکانیان .

وە ڕۆچوون لەتاوان و ئارەزووبازی دەرئەنجام ئاشنات دەکات بەدونیای تەمبەڵی و تەوەزەلی و ڕەشبینی و بێزاری و دڵتەنگی و .......

٢٢. ئارام بگرە لەسەر تاوان و سەرپێچیەکان چونکە خۆشبەختی و گەشبینی و دڵ فراوانی بەدواوەیە . ئەو سەرفرازیەی کە تۆ بەدوایدا تامەزرۆی تەنها لەچاکەدا دەستت دەکەوێت تاوەکو نیگاکانت شاد بن بەدیداری خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم).

٢٣. تێکۆشان دژ بەتاوان و خراپە هۆکاری ڕێنمووی بەندەکانن ﴿ وَٱلَّذِينَ جَـٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَاۚ ﴾ العنكبوت: ٦٩ . واتە: وە کەسانێ کە لە پێناو ڕەزامەندی ئێمەدا تێکۆشانیان کردووە بە ڕاستی ڕێنموونیان دەکەین بۆ ڕێبازەکانی خۆمان.

٢٤. یادخستنەوەت بەو ڕێسا جوانە کە پێغەمبەرەکەت (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (( من ترك شيئا لله ابدله الله خيرا منه )) . واتە: هەرکەسێك لە پێناوی خوادا واز لەکارێك بهێنێت ئەوە خوا کاروبارێکی چاکتری بەنسیب دەکات .

٢٥. دڵنیا نەبوون لەوەرگرتنی تەوبەت لای خوای پەروەردگار ... چونکە تاوانەکانت بەهەڵبەستراوی دەمێنێتەوە وە نازانرێت کە خوای بالآدەست ئەو تەوبەیەت لێ قەبوڵ دەکات یان نە.. بۆیە دواخستنی تەوبە بۆکاتێکی دیاری نەکراو گەورەترین فێڵە وەگەورەترین ستەمە لە خۆت ... جا باشتر وایە لاوی خۆشەویست خۆت لەتاوان بپارێزی چونکە دوای ئەنجام دانی تاوان نازانی کە خوا ئەو تەوبەیەت لێ قەبوڵ دەکات یان نە ...

٢٦. یەکەمین تاقی کردنەوەیەك بۆ نەوەکانی ئیسرائیل ( بنی اسرائيل ) تاقی کردنەوەی ئافرەت بوو!... بۆیە ئاگات لە تاقی کردنەوەی ئافرەت بێت چونکە گەورەترین داوێکە کە ئوممەتەکانی پێش ئێمە بەهۆیەوە لەناوچوون .

٢٧. خۆپاراستن لەئافرەتی نامەحرەم ... خۆپاراستن لە تێکەڵاو بوونی ئەم جۆرە ئافرەتانە بەڕاستی قەڵغانە .... مەڵێ ئەمەیان جێگەی متمانەیە ... ئەمەیان پیرە ... چونکە ئەگەر متمانەت بەبەرامبەرەکەشت هەبێت بەڵام متمانەت بە سێیەمیان نەبێت کە (( شەیتان )) .

٢٨. دوورکەوتنەوە وخۆپارێزی لە گۆرانی و گۆڤارە بەد ڕەوشتەکان .... وەپەیوەندی کردن بەئافرەتانی بەدڕەوشت چونکە گوێیەکانیش زینا دەکەن ئەگەر گوێ بگرن بۆ وتەی قەدەغەکراو و ناپەسەند (( حەرام )).

وەکو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت (( والاذن تزني ، وزناهما السمع ))، واتە: گوێیەکانیش زینا دەکەن ، زیناکەیان بیستن بۆ حەرام .

٢٩. متمانەو دڵنیا بوون کەچاکەکار دەرئەنجام پاشەڕۆژێکی باشی دەبێت وەخراپەکاریش دەرئەنجام و پاشەڕۆژێکی تاڵ و ڕەشی دەبێت .

تێڕا بمێنەو تێفکرە لەبەسەرهاتی یوسف – علیه السلام – کەچۆن خۆی ڕاگرت لەبەردەم شاڵاوی شەهوەت و تاواندا ... لەگەڵ ئەوەش بەند کرا بەڵام دەرئەنجام لەبەندیخانەش دەرچوو وە بوو بەیەکێك لەوەزیرە باڵادەستەکانی پادشای ئەو کاتە .

## (لە کۆتایی دا )

لاوی خۆشەویست .... برای ئیماندار ... خوشکی بڕوادار....

ژیانی خۆشبەختی بگرە بەر .... ڕێگا بەچرای زانستی شەرعی و کردەوەی جوان ڕووناك بکەرەوە ... ژیانی ئیمان و خۆشەویستی خوا .... خۆشترین ژیانە ..... ئەگەر لە نێو خەڵکیشدا بەهەژار و لاواز بناسرێ .... وە یاخی بوون و دوورکەوتنەوە لە خوا .... ناخۆشترین ژیانە .... ..... ئەگەر لە نێو خەڵکیشدا بە سەرکەوتن و زانین بناسرێ.

جیاوازیەك و پانتایەکی زۆر بەربڵاو هەیە لە نێوان ژیانی ئیماندارو بێ باوەڕ کەلەم چەند ئایەتەدا زۆربەجوانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾ القلم .

واتە : چۆن ئێمە موسڵمان و بەدکاران وەك یەك لێ دەکەین؟.

وە هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموویت : ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الجاثیة: ٢١

واتە : ئایا ئەوانەی کە خراپەکانیان کردووە وا گومان دەبەن ئێمە ئەوانە وەکو کەسانێ دادەنێین کە بڕوایان هێناوەو چاکەکانیان کردووە وەکو یەك بێت ژیانیان و مردنیان ئای چەند خراپ دادوەری دەکەن.

وە هەروەها دەفەرمووێت : ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرۡتَنِيٓ أَعۡمَىٰ وَقَدۡ كُنتُ بَصِيرٗا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ ﴾ طه: ١٢٤ - ١٢٦

واتە: هرکەسێ ڕوو وەرگێڕێ لە ڕێبازو یادی من ئەوە بێگومان ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت (لەگۆڕدا) و لە ڕۆژی دواییشدا حەشری دەکەین بە کوێری، دەڵێ ئەی پەروەردگارم بۆچی بەکوێری حەشرت کردم خۆ من لەدنیادا ساغ و بینا بووم ، خوا دەفەرموێ هەر بەو شێوەی ئایەتەکانی ئێمەت بۆ هات و لە بیری خۆت بردەوە و کوێر بوویت لە ئاستیدا بەهەمان شێوەتۆش ئەمڕۆ گوێت پێ نادرێ لە بیر دەکرێی.

بێ گومان بە کەژیانی ئەم دوو کۆمەڵە وەکو یەك نین نە لەژیانی دونیا و نەلە گۆڕ و نەلە ڕۆژی دوایی دا .

- ئیمانداران لە کاتی گیان کێشاندا پۆل پۆل فریشتەکانی خوا دەچنە میوانیان پێیان دەڵێن ﴿ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴾ الأعراف: ٤٩ واتە: ئەمڕۆ هیچ مەترسیەکتان لەسەر نی یە خەفەتیش ناخۆن.

بەلاَم خوا پەنا بدات کاتێك کە فریشتەکان دەچنە لای بێ باوەڕو دووڕوەکان پێیان دەڵێن ﴿ أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ ﴾ الأنعام: ٩٣، واتە: پێیان دەڵێن خۆتان دەرباز کەن (لەم نارەحەتی گیان کێشانە) ئەمڕۆ پاداشتی ڕیسواکەر دەدرێنەوە.

- باوەڕدارن لە ڕۆژی دوایدا لەئاگری دۆزەخ دوور دەخرێنەوە بەشێوەیەك :

﴿ لَا يَسۡمَعُونَ حَسِيسَهَاۖ وَهُمۡ فِي مَا ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ الأنبياء: ١٠٢

واتە: ئەوان نابیستن دەنگی بڵێسەو قرچەی ئاگری دۆزەخ وە ئەوان لەناو ئەوەی دڵیان حەزی لێیەتی بێ بڕانەوە دەمێننەوە.

بەلاَم بێ باوەڕن بەرەو دۆزەخ دەخرێنە ڕێ ﴿ إِذَا رَأَتۡهُم مِّن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ سَمِعُواْ لَهَا تَغَيُّظٗا وَزَفِيرٗا ﴿١٢﴾ ﴾ الفرقان: ١٢

واتە: کاتێ ئەم ئاگرە لە دورەوە ئەمان دەبینێت نرکەو ناڵەی گڕو بڵێسەی دەبیستن ( کەنیشانەی ڕق و قینی زۆریەتی لێیان).

- بڕوادار پۆشاکی بەری لەبەهەشت (( حەریرە )) وەلەنێو پەرداخی زیوین ئاو دەخواتەوە بە دەستی منالأنی بەهەشتی هاوشێوەی مروارین بەلاَم بێ باوەڕن پۆشاکیان لە ئاگری دۆزەخە ﴿ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي

بُطُونِهِمۡ وَٱلۡجُلُودُ ﴿٢٠﴾ وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴿٢٢﴾ ﴾ الحج: ١٩ - ٢٢

**واتە: لە ڕۆژی دوایی دا پۆشاکیان بۆ دەبڕدرێت (پڕ بەریان) لە ئاگر بەسەریاندا دەڕژێنرێ ئاوی زۆر گەرم ، دەتوێنرێتەوە بەو (ئاوە گەرمە) ئەوەی لە ناو سکیاندایەو پێستەکانیشیان ،بۆیان ئامادەیە گورزی ئاسنی ، هەرکاتێ بیانەوێ کە بێنە دەرەوە لەو (دۆزەخ)ە لەبەر زۆر گەرمی دەگێڕێنرێنەوە بۆ ناوی وە (پێیان دەووترێ) بچێژن سزای سوتێنەر.**

- **ڕوحی ئیماندار لە دوا ساتەکانی گیان کێشاندا پێ ی دەوترێت** ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾ ﴾ الفجر: ٢٧ - ٣٠

**واتە: لەو ڕۆژەدا بە خواپەرست دەوترێ ئەی نەفسی بە ئارام ، بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگاری خۆت بە ڕەزامەندی و لێ ڕازی بوو ، ئینجا بچۆرە ناو بەندە چاکەکانی من و بچۆرە ناو بەهەشتی منەوە.**

**بەڵام ڕوحی بێ باوەڕ دەربارەی وتراوە** ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ الأعراف: ٤٠

**واتە: ئەوانە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێنەوە وە ناچنە بەهەشتەوە هەتا حوشتر نەچێت بە کونی دەرزی درومانداا بەو جۆر تۆڵە لە تاوانباران دەسێنین.**

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ